# گۆڕانكاری له جیهانی تەلەڤزیۆندا

چەند ساڵێك دەبێت ڕۆژ بە ڕۆژ گۆڕانكاری بەسەر تەلەڤزیۆندا دێت، لە پلاسماوە بۆ LCD و دواتر LED و دواتر شاشە چەماوە و گۆڕانكاری لە كوالیتی نیشاندان وەك HD و فوول ئیچ دی و K2,K4,K8... بەڵام لە هەمووی ئەوانەدا تەلەڤزیۆن بریتی بووە لە شاشەیەك بە قەبارەی جیاوازە..



لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانكاری جیدی بەسەر تەلەڤزیۆندا دێت، ئیدی تەلەڤزیۆن بریتی نابێت لە شاشەیەك و بگرە هەر شاشەشی نابێت.. كۆمپانیای Hisenese لە ئێستاوە هەوڵیداوە تەلەڤزیۆنێكی ١٠٠ ئینجی لە جۆری لەیزەری بەرهەم بێنێ كە هیچ شاشەی نییە.. بەڵكو شاشە ئەو تیشكە لەیزەرییەی كە لە ئامێرەكە دێتە دەر و دەكەوێتە سەر دیوار، نیشاندان بە چ كوالیتییەك! كوالیتی K4 واتە لە ئاوێنەش ڕوونتر.. شاشەكە بە ویستی بەكارهێنەر بچووك و گەورە دەبێتەوە.. وەك ڤیدیۆ پرۆژكتەر یا داتاشۆ نییە كە بۆ بەكارهێنانی پێویست بكات شوێنەكە تاریك بێت، جیاوازی لە نێوان شوێنی تاریك و ڕووناك نییە.. ٥ بڵندگۆی هەیە.. دەنگ و ڕەنگی تەلەڤزیۆنەكە سەرسامت دەكات..



# مۆبایلێكی تەنك بەقەد كارتێك

مۆبایلەكان شێواز و ستایل و كارایی و تایبەتمەندییان جیاوازە، قەبارە و بارستایشان هەریەكە بە جۆرێكە، بەم دواییە كۆمپانیایەكی ژاپۆنی مۆبایلێكی بەرهەم هێناوە بەناوی NichePhone-S كە قەبارەی بەقەد كارتێكی بانكی یان بژمێرێكی تەنك دەچێت..

هەرچەندە پێشووتریش مۆبایلی لەم شێوەیە دروستكرابوو، لە بازاڕەكانی هەرێمیشدا دەست دەكەون، بەڵام تەنیا دەتوانرا وەڵامی پەیوەندییەكانی پێبدەیەوە و هیچی دیكە.. بەڵام مۆبایلی NichePhone-S مۆبایلێكی ئەندرۆیدیە.. بارستاییەكەی ناگاتە ٧ ملم.. كێشی تەنیا ٣٨ گرامە.. سیستەمی ئەندرۆیدی 4.2 لەسەرە. بلوتوس و 3G و LTE هەیە. بەڵام كامێرای نییە..



# جانتای سمارت بۆ گەشت كردن

جیهان بەرەو سمارت بوون دەچێ، پێشكەوتن بەری پێناگیرێ، چ زیانی هەبێ و چ سوود هەموو ئامرازەكان هۆشمەند و سمارت دەبن.. چەند جارێك باسی جانتای سەفەری سمارتمان كردووە، یان ئەو جانتایانەی لەبری ئەوەی خاوەنەكانیان رایانكێشن، ئەوان خاوەنەكانیان هەڵدەگرن!

نوێترین جانتای گەشتكردنی سمارتیش Plevoی‌ە و بەهێزترین سیستەمی ئەمنییەتی تێدایە، تەنیا بە پەنجەمۆری خاوەنەكەی نەبێت ناكرێتەوە. ئەو جلانەی لە جانتاكە دەخرێن شوێنی دانانی تایبەتیان هەیە بۆیە هیچ گنج ناهێنن و تێكناچن..

خاڵێكی دیكەی جێگای سەرنج ئەوەیە كە شوێنی شەحنكردنەوەی مۆبایل و كامێرا و تەبلێتی هەیە. خۆی تەرازوویەكی دیجیتالییە و دەزاندرێت كێشی خۆی و ئەو بارەی تێیدایە چەندە..

# تاقیگەی چاو بە مۆبایل




بەربڵاوبوونی ئامێرە دیجیتاڵییەکان بەتایبەتی ئەوانەی شاشەیان هەیە وەك تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر و مۆبایل و... لەگەڵ سوودەکانیان زیانیش بە ئەندامانی جەستە دەگەیەنن.. بەتایبەتی چاوەکان!

بۆ نموونە لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ڕێژەی ئەو منداڵانەی لەم دواییەدا تووشی نزیك بینی بوونە زیاترە بە بەراود ساڵانی دی.. بەڵام چارەسەرەکەشی هەر بەهۆی ئەو ئامێرانەیەوەیە.. ئامێرێك بەرهەم هاتووە بەناوی (EyeQue Insight) کە دەتوانێت تاقیکردنەوە لەسەر بینایی چاوی بەکارهێنەرەکەی بکات و نەخۆشییەکە دەست نیشان بکات. بۆ سوود وەرگرتن لەو ئامێرە پێویستە پرۆگرامی تایبەت بەخۆی لەسەر مۆبایل دابەزێنی و پاشان مۆبایلەکە لەسەر ئامێرەکە دابنێی.

دواتر بەکارهێنەر دەبێت سەیری بکات وەك دووربین یان ئامێری VR دەچێت.. تاقیکردنەوە بەو ئامێرە تەنیا بە سێ خولەك ئەنجام دەدرێ، زانیارییەکانی سەبارەت بە تاقیکردنەوەش ڕاستەوخۆ بۆ مۆبایل یان بۆ ئینتەرنێت بەرێ دەکات..

## کۆمپیوتەرێکی بەهێز بەقەد ماوسێک

کۆمپیوتەرەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بچووك بوونەوە، لەوانەی ئەوەندە قورس بوون بە کەسێك هەڵنەدەگیران بوون بەو ئامێرەی کە لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە.. کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لەم دواییەدا کۆمپیوتەرێکی بچووکی بەناوی Liva بەرهەم هێناوە، کە لە گشت مینی کۆمپیوتەرێك بچووکترە.. یەکەم مینی کۆمپیوتەری بچووکە بە کوالیتی نیشاندانی K4 نیشاندانێك وەك ئەو دیوی پەنجەرە..

قەبارەی مینی کۆمپیوتەرەکە هەر بەقەد ماوسێك دەبێت.. پرۆسیسەری کۆمپیوتەرەکە ئەگەرچی بەهێزە بەڵام وزەیەکی کەمی دەوێت.. شوێنی دانانی شاشەی هەیە و دەکرێ تەلەڤزیۆنێکی بۆ بکەی بە شاشە.. هەموو بەشەکانی دیکەی وەك بلوتوس و وای —فای و usb و HDMI هەیە.. سیستەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە..






# شارپ و کامێرای K٨

لە ماوەی تەنیا پێنج ساڵدا گۆڕانکاریی گەورە بەسەر کوالیتی نیشاندان لە شاشەکاندا روویداوە، لە HD یـەوە بـۆ K8.. ئـەوە پازدانێکـی گەورەیە بە ماوەیەکی کـەم.. رەنگە بڵێن جیاوازی نێوان ئەم دوانە چییە، بە زمانێکی سادە دەڵێم جیاوازی نێوان نیشاندانی تەلەڤزیۆنە کۆنەکان لەگەڵ ئەوانەی ئەو سـەردەمە ئەوەش دەیانجار زیاترە... بینەر هەسـت بەوە ناکات سـەیری تەلەڤزیۆن دەکات بەڵکو هەست پێدەکات لەو دیوی پەنجەرەیەکی رووناکەوە دەیبینێ..

بۆ نیشاندانی کوالیتی K٨ دەبێ تەلەڤزیۆن یا کۆمپیوتەرەکەشت ئەو تایبەتمەندیەی هەبێ کـە ئێسـتا کـە گشـتگیر نەبـووە.. دەبێ لەسـەرەتادا کامێراکانـی تایبەت بـە K8 بەرهەم بێن و گشتگیر بن جا ئەوکاتە شاشەکانیش دەگۆڕدرێن..

کۆمپانیـای شـارپ بـەم دواییـە کامێـرای جـۆری 8C-B60A بەرهـەم هێنـاوە کـە توانـای تۆمارکردنـی ڤیدیـۆی K4 هەیـە و بڕیـار وایە لە یاری ئۆلەمپیادی هاوینەی سـاڵی ٢٠٢٠ کەلە ژاپۆن بەڕێوە دەچێـت سـوودی لێوەربگیـردرێ.. بـۆ کامێرایەکی لەم جۆرە دەبێت هاردێکـی قەبارە گەورەش هەبێت بۆ هەڵگرتنی داتاکان، بەڵێ لەم کامێرایەدا میمۆری جۆری SSD دوو ترابایتی هەیە، بەڵام لاتان سەیر نەبێت ئەم دوو ترابایتە تەنیا بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆ K8 بۆ ماوەی چل خولەکە.. بـۆ بیرهێنانـەوە کامێرایەکـی لـەم جۆرە زۆریـش گرانباییـە و تەنیا گیرفان پڕەکان پێیان دەکڕدرێ..



## ئامێرێک بۆ رێکخستنەوەی وێنەکان

زۆرکـەس ئـەو وێنانـەی بەکامێـرا یـا مۆبایـل دەیانگـرێ لەسـەر خزمەتگوزارییـە ئینتەرنێتییـەکان وەك، درۆپ بۆکس و گـوگل درایـڤ و کلـۆد و وان درایڤ و.. هەڵیاندەگرێ.. هەرچەندە بەشـێك لە پسـپۆرانی شـارەزای بواری ئەمنیەتی تەکنەلۆژیـای نـوێ پێیانوایـە ئـەم شـوێنانە زۆریش جێگای متمانـە نیـن.. لەم دواییەدا ئامێرێك بەرهـەم هاتووە کە زیاتر وەك تۆپێـك دەچێـت و بـە (capsule) ناسـراوە بـە ئاسـانی کێشـەی هەڵگرتنـی وێنـەکان چارەسـەر دەکات. هـەر ئەوەندە بەسـە کـە هـارد یان فلاش میمۆری خـۆت لە ئامێرەکە بدەی و وای فـای مۆبایـل یـا کامێـرا هەڵبکـەی تا وێنەکان سـەر مۆبایـل یـان کامێرا ئۆتۆماتیکی بچنەناو هاردەکە.. ئامێری ناوبـراو بەهـۆی تایبەتمەندییـەك کـە هەیەتـی دەتوانێـت بـە شـێوەی ئوتۆماتیکـی ئەلبـۆم دروسـت دەکات بەپێی شـوێن، روودا و ئەو کەسـانەی لە وێنەکاندا هەن.. بە سـوود وەرگرتن لـە ئینتەرنێـت لـە هـەر شـوێنێك کـە پێت خۆش بـێ دەتوانی ئەلبۆمەکانی سەر وێنەکان بکەیەوە..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسـێت راسـتە هەندێك پرۆگرام هەن گەر دایانبەزێنی پێت دەڵێن چ کەسێك سەردانی فەیسبووکەکەتی کردووە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەو پرۆگرامەی باسی دەکەی و هاوشێوەی ئەو پرۆگرامانە، تەنیا فریودانی بەکارهێنەرە، ئەگینا فەیسبوك و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بە سـیکوریتییەکی زۆربەرزدا تێپەڕیون و بە ئاسـانی ناکرێت کەسـانێك بیانەوێ بە ئاسانی بـە پرۆگرامێـك ئـەو زانیاریانە بزانـن.. ئەو پرۆگرامانە زیاتر پرۆگرامی سـیخوڕین، سـەرەتا کە دایاندەبەزێنی داوای یۆزەرنەیم و پاسـۆردی فەیسـبوکەکەت لێدەکەن کە ئەوەت لێدا بە ئاسـانی فەیسـبوکەکەت دەکەوێتە بەردەسـتیان.. تکایە خوێنەرانی دیکەش لەم زانیارییە ئاگادار بکەوە و مەکەونە داوی ئەو پرۆگرامە ساختەییانە..



# پرۆگرامێکی بەهێز بۆ رەنگ کردنی وێنەکان

رەنگ کردنی وێنەکان بەشێوەیەکی سروشتی کە وێنەکە وەك خۆی بچێت لە فۆتۆشۆپ و پرۆگرامی دیکەشدا دەکرێت، بەڵام بەراستی ئەوەی شارەزای بواری گرافیکی نەبێت و ئەوەی ئەزموونێکی زۆری نەبێت ناتوانێت تێیدا سەربکەوێت چونکە بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت..

ئێستا خودی کۆمپانیای adobe هاتووە نوێترین پرۆگرامی تایبەت بە رەنگ کردنی ئۆتۆماتیکی وێنەکان بەرهەم هێناوە، پرۆگرامی adobe sensei یەکەم پرۆگرامی هۆشمەندە لە بواری رەنگ کردنی وێنەدا..

هەروەك ئاماژە پێدرا پرۆگرامەکە سمارتە و بۆ رەنگ کردن پێویستی بە شارەزاییەکی ئەوتۆ نییە چونکە ئۆتۆماتیکی وێنەکان رەنگ دەکات، پرۆگرامەکە نەك وێنە کۆنەکان بەڵکو وێنە شێوەکارییەکانیش رەنگ دەکات. بۆ ئەوەی پرۆگرامەکە سەرکەوتوو بێت لە دەیان هەزار وێنەی روخساری مرۆڤەکان سوود وەرگیراوە.. هەتا ئێستاش پرۆگرامەکە لە قۆناغی سەرەتایی و تێست دایە، چونکە ئێستا تەنیا رەنگی روخسار و پێست دەناسێ و رەنگی جلوبەرگ و دیمەنە سروشتییەکان نازانێت..

# ئاوی پاک لەماڵەوە

زۆربەی ئەو نەخۆشیانەی لەم دواییانەدا بڵاوبوونەتەوە هۆکارەکەی بۆ پیسبوونی ژینگە و ئاوی ژینگە دەگەڕێتەوە.. هەرچەندە ئامێری پاڵاوتنی ئاو و خاوێنکردنەوەی زیاتر بوونە، بەڵام ئامێرەکان یان گەورەن و بۆ هەڵگرتن و راگواستن نابن یان گرانبایین..

لەم دواییەدا گروپێکی تایبەت بە ژینگە لە ئەڵمانیا بەناوی (mitte) ئامێرێکیان بەرهەم هێناوە کە دەتوانێت ئاوی پاك و تەندروست و سروشتی بۆ ماڵەکان بەرهەم بێنێ.. ئامێرەکە لەسەرەتادا گشت جۆرەکانی میکرۆب لەناو دەبا و پاشان مادە زیانبەخشەکانی وەك (نیترات) لە ئاو دەپاڵێوێ.. ئەو ئاوەی پاکی دەکاتەوە چەند جار خاوێن ترە لە ئاوی پاڵاوتراوی ماڵەوە.. پاشان بە ویستی خۆت مادەی کانزایی لەگەڵ ئاوەکە دەکەی.. ئامێرەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و پرۆگرامێك لە مۆبایلەکە دادەبەزێندرێ، خزمەتگوزاریی زۆری تێدایە.. بۆ نموونە بەکارهێنەر دەتوانێت چۆنییەتی ئاوەکە و داتاکانی سەبارەت بە ئاوەکە سەیر بکات و پلەی گەرمی ئاوەکە بزانێت.. ئامێرە تەنانەت دەتوانێت ئاو بکوڵێنێت..






# مالپەڕی نووسینی دەق بەبێ word

گەر بتەوێ تەنانەت دوو دێڕیش بنووسی ناچار پەنا بۆ کردنەوەی مایکرۆسۆفت ۆرد دەبەی، بەڵام ئەگەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت ئەم پرۆگرام و پرۆگرامی هاوشێوە نەبوو؟ ئاسانترین رێگا ئەوەیە لەو سایتانەی سوود وەربگری کە بەشێوەی ئۆنلاین دەکرێ خزمەتگوزاری دەقیان تێدا ئەنجام بدەی، یەکێك لەم ماڵپەڕانە سایتی https://docs.zoho.com/writer/ە.. لەم سایتەدا هەموو خزمەتگوزارییەکی پرۆگرامی ۆردی تێدایە، جگە لەوەش ئەگەر هەڵەیەکی لە نووسینی بابەتەکتدا بێ چ زمانی ئینگلیزی چ عەرەبی یا فارسی، دەستنیشانی هەڵەکە دەکات و شوێنگرەوەیەکی باشی مایکرۆسۆفت ۆردە، هەر لەم سایتەدا بەبێ گرفت بابەتەکەت دەتوانی بگۆڕی بۆ فایلی PDF یا فۆرماتێکی دیکە..